# شەریف پاشا، کێ بوو؟

## بەشی11 و کۆتایی

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم
وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

**خاتر خواستنی شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم 1908**

ساڵی 1908 ساڵێکی پڕ لە ڕووداو بوو بۆ شەریف پاشا. سەرەتا ئەفسەرێکی پایەبەرزیی عوسمایی سەردانی سوێدی کرد. نێردراوی سوڵتان، مارشاڵ عەبدوللە پاشا، لە مانگی (ئایار) دا گەیشتە ستۆکهۆڵم. ئەو لەلایەن شەریف پاشاوە لە وێستگەی شەمەندەفەر پێشوازیی لێکرا. مەبەست لەو سەردانەی عبدوللە پاشا، گەیاندنی ئەو مەدالیا-نیشانەی ئیمتیازێک بوو بۆ پاشا گوستاڤی پێنجەم. ئەو زانیاریانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بلاوکراونەتەوە باس لەوە دەکەن کە هاتنی عبدوللە پاشا بۆ ستۆکهۆڵم، بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵک کە لە شەقامەکانی ستۆکهۆڵم کۆ بووبوونەوە. پاشای سوێد لە 27 ئایار) دا، لە مەراسمێکی شایەندا لە کۆشکی پاشایەتیدا پێشوازی لە عەبدوللە پاشا کرد. (
عەبدوللە پاشا بەیاوەری شەریف پاشا سەردانی مۆزەخانەی باکوور و چەند شوێنێکی دیکەیان کرد، لەوانە سەردانی شێرگۆردن و سکانسن.

شەریف پاشا لەسەر شەرەفی میوانەکەی خوانێکی ساز کرد بە ئامادەبوونی وەزیری دەوڵەت (سوێد) بۆ کاروباری دەرەوە ئێریک بریگێر ترۆلە و مارشاڵی دەوڵەت فرێدریک ڤۆن ئێسێن. ئەفسەرێکی سوێدی بە ناوی (دەبلیوو. ئۆناندەر)، کە بەشداری ئەو خوانەی کردووە، دەگێڕێتەوە: من شەرەفی ئەوەم پێبڕا کە لەو میواندارییە سەنگینەدا بەشداری بکەم، لەگەڵ هەرسێ جەناب عالیی، ئێسێن، ترۆلە و شەریف پاشا کە لە شەقامی لینێ کە ئێستا بارەگای سەربازییە، کە بەهۆی هاتنی عبدوللە پاشا بۆ ستۆکهۆڵم، ڕێکخرابوو".
پاشان عبدوللە پاشا لەگەڵ پاسەوانەکانیدا دەگەڕێنەوە بۆ کۆستەنتینۆپڵ. لە 5 ئاوگوستیدا، شەریف پاشا لە کۆشکی شادا، لەلایەن گوستاڤی پێنجەمەوە، پێشوازی لێکرا. بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکان، شەریف پاشا لە 6 ئاوگوستیدا، سەفەر دەکات بۆ پاریس. ژن و منداڵەکانی لە ڤیلەیەکدا لە ستۆکهۆڵم دەمێننەوە. لە کۆتایی هەمان مانگدا، شەریف پاشا دەگەڕێتەوە بۆ سوێد تا ژن و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی بەرێت. بە ئیحتمالێکی زۆر، شەریف پاشا بەیەکجاریی لە مانگی ئاوگوستیدا ستۆکهۆڵمی بەجێهشتووە.

لە گفتوگۆیەکدا شەریف پاشا تەئکیدا لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەمیشە دەرگای ماڵەکەی لە فەرەنسا ئاوالآ دەبێت، بۆ هاوڕێ سوێدییەکانی و دەڵێت: من و ژنەکەم، شازادە ئێمینە، لە ستۆکهۆڵم زۆر ئاسودە بووین و ژمارەیەکی زۆر هاوڕێمان پەیدا کردووە. کاتێک کە لە پاریس جێگیر بووم، هەمیشە لەگەڵ هاوڕێ سوێدیەکانم کە بێن بۆ ئەوێ، یانیش ئەوانەی لەوێ دەژین لە پەیوەندیدا دەبم. ئەوان دەبێت لەوە دڵنیا بن کە هەمیشە ماڵەکەم دەرگای ئاوالآ دەبێت بۆیان. شەریف پاشا دوای ئەو زەردەخەنەیەی من (ڕۆژنامەنووسەکە)، وتی کاتێکیش کە گەرمای میسر زۆرم بۆ بهێنێت، جارێک لە جاران دێمەوە بۆ ئێرە و خۆم فێنک دەکەمەوە.

ئێمە هیچ شتێک دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ شەریف پاشا دوای ئەوە سەردانی سوێدی کردۆتەوە یان نا، نازانین، بەلآم دەزانین کە هاوڕێ سوێدییەکانی بە مەبەستی جیاواز، پەیوەندییان پێوە کردووە. دانیشتوانی سوێدیش جار جارێک ئەویان بە بیر هێناوەتەوە. ئەو کاتەی کە نەقاشی سوێدی ئیڤان ئاگوێلی لە ساڵی 1911 دا گەڕاوەتەوە بۆ سوێد، لە ستۆکهۆڵمەوە سێ نامەی بۆ شەریف پاشا ناردووە و داوای

هاوکاری لێکردووە بۆ کردنەوەی نێوەندێکی ئیسلامیی لە پاریس. ئەوەی کە ئاخۆ شەریف پاشا وەڵامی نامەکانی داوەتەوە، هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

کاتێک تورکە گەنجەکان لە ساڵی 1914 دا، هەوڵی کوشتنی شەریف پاشایان دا، ڕاگەیاندنی سوێدی بەبەردەوامی بەدوای هەواڵەکەدا چوون. یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ستۆکهۆڵم، سەردانی شەریف پاشای کردووە لە پاریس و گفتوگۆیەکی لەسەر ئەو ڕووداوە تراژیدیيە و بیرەوەریەکانی لە ستۆکهۆڵم، لەگەڵ سازکردووە: ... لە کۆتای گفتوگۆکەدا، باسی ئەو ساڵانەی خۆی لە ستۆکهۆڵم کردووە، باسی ئەو پشتیوانییەی کە لە سوێد لێیکراوە و کاریگەریان لەسەر دانەوە. وڵاتێک کە ئەو لە قوڵایی دڵیەوە خۆشی ویستووە.

دوای چەند ساڵێک، ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادت لە ساڵی 1919 دا، شەریف پاشای بەبیرهێناوەتەوە و لەسەری نووسیوە: ... ئەوەی کە لە کۆتایدا ناوی هێنراوە و لە هەموان زیاتر ئاشنایە، هەروەک ژنەکەی شازادە ئێمینە، لە هەموان زیاتر ناوبانگیان هەبووە. هەروەک دەزانرێت ئێستا ئەو لە پاریس دەژیی و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەکات".

ئەو ساڵانەی کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم ژیاوە، کاریگەری خۆیان لەسەر ژیانی شەریف پاشا هەر ماوەتەوە، کاتێکیش لە وڵاتانی خوارویی ئەورووپا ژیاوە.

شەریف پاشا لە ماوەی ژیانی خۆیدا چەندین نازناویی بۆ بەکارهێنراوە، لەوانە پێیان وتووە: شەریف پاشای کورد، جەنراڵ شەریف پاشا، شەریف پاشای بەناوبانگ، سەفیری پێشووی تورک لە ستۆکهۆڵم و چەندین لەقەبی دیکەی سەربازی. یەکێک لەو لەقەبانەی کە شەریف پاشا بە درێژایی ژیانی بەکاریهێناوە (سەفیری پێشووی تورک لە ستۆکهۆڵم) بووە. ئەم تایتڵە لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری مەشروتە، کە لەلایەن شەریف پاشا لە فەرەنسا لە نێوان ساڵانی 1909 تا 1914 بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە.

لە دوای ئەوەی کە لە ستۆکهۆڵمەوە دەچێت بۆ پاریس، شەریف پاشا لە هەموو بڵاوکراوە و نووسینەکانیدا ئەو لەقەبەی بۆ خۆی بەکارێناوە. کاتێکیش شەریف پاشا لە کتێبە مێژووییە تورکیەکاندا ناوی دەبرێت دەنووسن (ئێسکی عوسمانلی ستۆکهۆڵم سەفیری) واتە (سەفیری پێشووی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم).

بەو شێوەیە، ستۆکهۆڵم هەمیشە بە ناوی شەریف پاشاوە لکێنراوە. ستۆکهۆڵم هەر تەنها بیرەوەرییەکی لە بیرنەکراو نەبووە بۆ شەریف پاشا، هەروەها بە شێوەیەکی دیکەیش گرنگی لە ژیانی ئەودا هەبووە. ئەو وتە پەسنددانانەی شەریف پاشا لەسەر ستۆکهۆڵم لە ساڵی 1908 دا بەڵگەی خۆشەویستی ئەون بۆ ئەو شارە: ئەوەی کە من بەو شێوە گەرم و گوڕە گرێدراوم و مەیلم بۆ وڵاتەکەی ئێوە و پایتەختە نایابەکەتان هەیە، ڕەنگە جاونترین شاری دنیا بێت...".

---

سەرچاوە:

**Rohat Alakim: Svensk-kurdiska kontakter, under tusen år, s. 186 - 220**